# دەقی ئەدەبی لە دووڕیانی وەرگێڕان و بەراوردی ئەدەبیدا

بۆ باشتر شارەزابوون لە نویشکی باسەکەمان وا پیویست دەکات کەمێک لەسەر هەردوو بوار بوەستین و بەشێوەیەکی کورت بیانناسێنین، هەڵبەت ئەم ناساندنەش لە دوو ئاست یا دوو سەردەمدا دەبێت یەکەمیان سەردەمی کۆن و دووەمیان سەردەمی پۆست کۆڵۆنیاڵی.

بەراوردی ئەدەبی لە کۆنترین پێناسەیدا بریتییە لە بەراوردکردنی دوو دەقی زمان جیاواز، کە هی دوو کلتوری جیاواز بن بە مەبەستی دەرخستنی باشی و خراپی و لێکچوون و جیاوازی نێوان هەردوودەقەکە و دۆزینەوەی دزیکاری ئەدەبی، جا ئەم بەراوردە دەشێت هەر ڕووێکی دیکەی دوو بەرهەمە بەراوردکراوەکە بگرێتەوە وەک ژانر یا ڕێباز یا تەکنیک یا...تاوەکو سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووش ئەدەبی بەراورد ئەم پێناسەیەی هەبووە کە پیویستە لەسەرووی سنووری زمانە جیاوازەکان دەقەکان بەراورد بکرێن هەروەک سۆزان باسینێت دەڵێت تا ناوەڕاستی حەفتاکانیش مامۆستاکەم پییدەگوتم ئەگەر نووسەری تاکە زمانێک وەرگیریت کارەکەت ناچێتە ناو ئەدەبی بەراوردەوە بەم پێیە هیچ بایەخێکیان بە پێگەی کۆمەڵایەتی و کلتور نەداوە.

هەرچی وەرگێڕانە ئەوا لە عورفە کۆنەکەیدا بریتییە لە گوێزانەوەی بەرهەمێک لە زمانی یەکەمەوە، کە زمانی سەرچاوەیە بۆ زمانی دووەم کە دەقەکەی پێ وەردەگێڕدرێت و پێویستە وەرگێڕ زۆر بە وردی شارەزایی لە هەردوو زمانەکە هەبێت.

شایەنی باسە پێوەندی نێوان وەرگێڕان و بەراورد پەیوەندییەکی توندوتۆڵ بووە چ لە ڕابردوو چ لە ئێستادا، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە هەمیشە وەرگێڕان وەکو ئامرازێک بەکارهاتووە لە بەراوردی ئەدەبیدا، نەک وەکو ئامانج، تەنانەت بەراوردکارانی کلاسیکی بە هەر سێ قوتابخانەکەوە لەوباوەڕەن کە بەهیچ شیوەیەک گونجاو نییە دەست بۆ دەقی وەرگێڕدراو ببردرێت، بەڵکو پێویستە بەراوردکار بە زمانی ئەسڵی و ڕەسەن دەقەکان بخوێنێتەوە. لێرەدا پرسیارێک دیتەپێشەوە ئەویش ئەوەیە، کە ئایا ئەم پێوەندییە ئێستا وەک خۆی ماوەتەوە، واتە تا ئێستا وەرگێڕان پاشکۆ و شوێنکەوتە و ئامرازی بەراوردە؟ یان بوار و بابەتێکی سەربەخۆیە؟

بێگومان چ وەرگێڕان و چ بەراوردی ئەدەبی گۆڕانکاری زۆریان بەسەردا هاتووە و یەکەمیان بەرەو کزبوون و لەنەوچوون و دووەمیان بەرەو گەشە و بەرەوپێشەوەچوون هەنگاوی ناوە، ئەمانەش کۆمەڵێک هۆکاریان لەپشت بووە.

گایاتری چاکراڤێرتی سپیڤاک کە یەکێکە لە بیریارانی پۆست کۆلۆنیالیزمی لە کتێبی مردنی بوارێک(Death of discipline)دا چەند وتارێکی تەرخانکردووە بەم لایەنەوە، ئەگەرچی زمانی سپیڤاک ئاڵۆزە و کاریگەری گوتاری دوای بونیاتگەری و هەڵوەشاندنەوەگەرایی لەسەرە و خۆشی وەرگێڕی کتێبی of grammatology جاک دریدایە بۆ سەر زمانی فەڕەنسی، بەڵام لەم کتێبەدا بەڕاشکاوی ئەوە دەخاتەڕوو کە بەراوردی ئەدەبی بەرەو خۆرئاوابوون و نەمان دەچێت و تاکەڕێگەی بەرەوپێشچوون و دووبارە زیندوبوونەوەی ئەم لایەنە بیرکردنەوەیەکە لەسەرووی سێنتڕاڵیزمی ئەوروپی و پەسەندکردنی پێشکەوتنێکی ڕەهایە لەڕابردوودا. سپیڤاک لەم بەرهەمەدا جەخت لەسەر هێنانەپێشەوەی کلتور و زمانە لەبیرکراو و فەرامۆشکراوەکان دەکات لەبری ئەو زمان و کلتورانەی کە ئێستا زاڵن و گرنگیان پێدراوە و بەبڕوای ئەو تەنیا ڕوانینێکی لەم چەشنە گرێنتی مانەوەی ئەدەبی بەراورد دەکات.

ئەدەبی بەراورد بەرامە و پێگە کۆنەکەی خۆی لەدەستداوە و پیویستە کار لەسەر بەرهەمە داهێنراوەکانی کلتورە تازە پێگەیشتووەکان بکات و لەبەرئەوەی بەراوردی ئەدەبی رەهەندێکی بەسیاسی بووی وەرگرتووە. سپیڤاک لەبری بەجیهانیبوون بیرۆکەی (گەردوونگیری planetairity ) گەڵاڵە دەکات، چونکە بە بڕوای ئەو بەجیهانیبوون پێویستی بە بارکردنی بەهاکان و سیستەمی دان و وەرگرتنی یەکسان هەیە، بەڵام گەردوونگیری دەشێت لەناو کلتورەکانی پیش سەرمایەداریی جیهان و ئەودیوی دیاردەی دان و ستاندنی یەکسانی جیهانی وێنا بکرێت، دیاردەیەک کە بازرگانی نێودەولەتی پاڵپشتی دەکات.

ئەم تێڕوانینەی سپیڤاک نامۆ و بێگانەیە، سەرچاوەی ئەم تیۆرە پێشینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بینینی تایبەتی سپیڤاک، بە دەربڕینێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ تیۆری مرۆڤخۆری هەندێک لە نووسەران و تیۆریستانی بەڕازیلی و لە بزووتنەوەی مرۆڤخۆری دەیەی ١٩٢٠وەرگیراوە.

و پێگەی ئەدەبی یاسامەند یا بڕواپێکراو(literary canon)[1]ە، کە وا دەردەکەوێ ئەم دەقانە لەدەرەوەی ئەمریکا و ئەوروپادا گرنگی و بایەخێکی زیاتریان بەدەستهێناوە.

لە ١٩٩٣دا باسنێت کتێبێکی لەبارەی ئەدەبی بەراورد نووسی و ئەم باسەی خستەروو کە قەیرانی بەراوردی ئەدەبی کە ئێستا جێی باس و خواسە لە دوو هۆکار کورت دەبێتەوە:

١.میراتی پۆزەتیڤیزمی سەدەی نۆزدەیەم.

٢.گرنگینەدان بە دەلالەتە سیاسییەکان لە پرۆسەکانی گوێزانەوەی ئاوێتەبوونی کلتوری mixculture ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە خۆرئاوا وا بیربکەنەوە کە ئەدەبی بەراورد ڕووەو لەناوچوونە لەکاتێکدا لە ولاتانی دیکەدا لەژێر ناونیشانی چەند ناوێکی دیکەدا لە گەشە و برەو دایە.

**[1] . ئەدەبی یاسامەند یا بڕواپێراو: ئەو دەقانەن کە ڕەخنەگران و ئەدەییان کۆکن لەسەر ئەوەی کە باشترین و توندوتۆلترین بەرهەمی سەردەم یا ڕێباز یا شێوازێکی ئەدەبین.**

پێشنیاری باسنێت ئەمە بوو کە ڕەنگە ئێستا کاتی ئەوە هاتبێت کە وەرگێڕانناسی translation studiesکە بوارێکی تازە دەرکەوتوو و نوێیە و خاوەن سەربەخۆییەکی زیاترە بێتە پێشەوە و مەرکەزیەت بەدەست بهێنێت و ئەدەبی بەراوردیش وەکو مەیدانێکی گرنگ بەڵام لاوەکی دابنرێت، بەڵام دوای چەند ساڵێک خۆی ڕەخنە لەخۆی دەگرێت و پێیوایە کە بۆچوونەکەی کەموکورتی تێدابووە، چونکە بەدرێژایی ئەو سێ دەیەی دوایی سەدەی بیستەم وەرگێڕان پێشکەوتنێکی وای بەخۆیەوە نەبینیوە و بەراورد هێشتا لەچوارچێوەی زەمینەکانی وەرگێڕانناسیدا بووە و ئەگەر ئێستا ئەم کتێبەی بنووسیبوایە ئەوا دەیگوت وەرگێڕان و بەراورد هەردووکیان ناتوانرێن بە بوارێک دابنرێن، بەڵکو هەردووکیان ڕێچکە و شێوازێکن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەدەب و شێوازێکن بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی.

ئەدەبی بەراورد ئەم کاتە تووشی قەیران و ئاستەنگ دەبێت کە هەوڵدەدات چۆنیەتی بەراوردکردنی دەقەکان دیاری بکات و دەرەنجامەکەشی هاتنەکایەوەی سنورداریێتی داهێنان و ڕەوابوونی هەندێک لە تیۆرییەکان بوو و ئەمەش بەڕوونی لە هەردوو قوتابخانەی فەڕەنسی و ئەمریکیدا ڕاست دەکەوێت. یەکەمیان تەنیا ئەدەبی زمانە جیاوازەکان دەخاتە تای تەرازووی

بەراوردەوە و ئەوەیتریان ڕووبەرێکی فراوانتری کلتور و مۆسیقا و نیگارکێشی و هونەرە بینرا و بیستراوەکانیتر دەگرێتەخۆی لەمەشیاندا سنورەکە دیار نییە و زۆر فراوانە.

وەرگێڕان و وەرگێڕانناسی دەتوانن ببنە هۆی نوێگەری و داهێنان ئەمەش یەکێک لە خزمەتەکانی وەرگێڕانە بە ئەدەبی بەراورد، هەرچەندە لەڕابردوودا وەرگێڕان ڕووبەرێکی لاوەکی لە ئەدەبی بەراورددا داگیر دەکرد، بەڵام ئێستا ڕۆڵێکی سەرەکی لە مێژووی بەراورددا هەیە و دانی پێدانراوە.

قۆناغە گرنگەکانی نوێگەری زۆربەی کات بەدوای قۆناغە چالاکەکانی وەرگێڕانەوە داهاتوون، ئەمە سەبارەت بە زۆربەی ئەدەبەکان ڕاستە و نموونەیەکی دیاری ئەمە ڕۆمانسیزمی ئەوروپی و کوردییە. گرنگی وەرگێڕان لە قۆناغی ڕێنیسانس و بزووتنەوەی چاکسازی ئایینیدا ناتوانرێت بە کەم هەژمار بکرێت ئەمڕۆش بە کرانەوەی دەرگاکانی چین بەڕووی جیهانی خۆرئاوا و هاوبەشییە ئابوورییە نوێکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ دونیادا وەرگێڕان ڕۆڵێکی یەجگار کاریگەر دەگێڕێت.

نموونەیەکی بەرچاوی گرنگی وەرگێڕان لە نوێگەریدا بەرنامە نوێگەرییەکەی تورکیایە لەسەر دەستی مستەفا کەمال ئەتاتورک لە دەیەی ١٩٢٠دا کە یەکێک لە بیرۆکەکانی وەرگێڕانێکی یاسامەندانەی ئەو دەقانە بوو کە بەجۆرێک لە جۆرەکان بە دەقی سەرەکی و گرنگی کلتوری خۆرئاوا هەژمار دەکران.

بیرە نوێکان، ژانرە ئەدەبییە نوێکان، بونیاتە تازەکان لەڕێگەی وەرگێڕانەوە دێنەکایەوە، نەک بەراوردی ئەدەبی. بەندیتۆ کرۆچێ سەبارەت بە ئەدەبی بەراورد بە قووڵی لەگوماندا بوو و باوەری وابوو کە ئەدەبی بەراورد وشەیەکی ناڕوونە و شتێکی دیار و ئاشکرا پەنهان دەکات.

وەکو پێشتر باسکرا بنەمای بەراوردی دوانە[بەراوردێکە کە لەسەر دوو زمان و دوو دەقی زمان جیاواز وەستا بێت] هەمیشە بە توندی دژی وەرگێڕان بووە، بەڵام لە دەیەی ١٩٧٠دا وردە وردە دەستەیەک لێکۆڵەر دەردەکەون و لە کاری وەرگێڕانناسیدا تێڕوانینێکی دیکە دەخەنەڕوو، ئەم دەستەیە بەسەرۆکایەتی(ئیستامار ئیڤان زوهێر) پشت بەوە دەبەستن کە مەرام و مەبەستی خۆیان لە چوارێوەی وەرگێڕانناسیدا بخەنەڕوو.

ئیفان زوهێر لەوتارێکدا بەناونیشانی(تیۆری هەنووکەیی وەرگێڕان) چەند تێڕوانینێکی باڵادەست سەبارەت بە وەرگێڕان دەخاتەڕوو، پاشان تەکنیک و شێوازێکی سیستماتیکی دەخاتەڕوو تا لەڕێگەیەوە پەردەی ناڕوونی لەسەر ڕووی زۆرێک لە بۆچوونەکانی وابەستە بە ڕەوتی وەرگێڕان هەڵماڵێت. زوهێر لەم وتارەیدا دەیەوێت ئەم تێڕوانینە باوە تێکبشکێنێت، کە دەڵێت لە وەرگێڕاندا جەوهەرێکی زیندووی دەق دەفەوتێت، وەکو نموونەیەک بۆ وابەستەبوونی وەرگێڕ بە دەقی ئەسڵی و بێبایەخی دەقی وەرگێڕدراو پێمان باشە ئەم وتەیەی درایدن لە پێشەکی وەرگێڕانی ئینیادەدا بهێنینەوە: (ئێمە کۆیلەین، لە کێڵگەی کەسانی دیکە کار دەکەین، مێو هەڵدەپاچین، بەڵام شەرابەکە هی خاوەنی ڕەزی ترێیەکەیە) ئەم جۆرە ڕوانینە زۆر باو بووە، بەڵام کەسانێکیش لە سەردەمی کلاسیکدا ڕایەکی پێچەوانەی ئەمەیان هەبووە، یەکێک لەمانە خاتوونێکی وەرگێڕە بەناوی مادام دوگۆرنێ کە لە سالی ١٦٢٣دا دەڵێت: (وەرگێڕان واتە دووبارە خولقاندنەوەی دەق، دەڵێین خولقاندن، چونکە بەرهەمی نووسەرانی کۆن پێویستە بە تێڕامانێکی قووڵ و پتەو شیبکرێتەوە تا لە ڕێچکە و ڕەوتێکی هاوشێوەدا سەرلەنوێ دروستبکرێتەوە، هەروەک چۆن پێویستە گۆشت لە سکماندا شیبکرێتەوە تا جەستەمان دروست بکات).

لە سەدەی بیستەمدا چەند تیۆر و بۆچوونێک هاتنەکایەوە، کە ڕەوش و تێڕوانینیان بۆ وەرگێڕان جیابوو لە تیۆرە ئەوروپییەکانی پێشوو لەوانە تیۆری فیمینیستی و ژنانی کەنەدی و مرۆڤخۆری و خوێنخۆری بەڕازیلی.

تیۆری مرۆڤخۆری بەڕازیلی دەق قووت دەدات تا هێز و توانای لێوەرگرێت و سەرلەنوێ بونیاتی بنێتەوە، بەپێچەوانەوە بۆچوونی ئەوروپایی ئەم مرۆڤخۆرییەی پێ درووست نییە، تیۆری مرۆڤخۆری تیۆرێکی دولایەنەیە و سنوری نێوان سیستمی زمانی یەکەم و سیستمی زمانی دووەم بە ئەنقەست دەسڕێتەوە.

( دوکامیۆس) لە وەرگێڕانی (فاوستۆس)ی (گۆتە)دا ناونیشانەکە دەگۆڕێت بۆ(خوا و ئەهریمەن لە فاوستی گۆتەدا) و کارەکەی خۆی بە وەرگێڕان ناوزەند ناکات بەڵکو بە (بەئەهریمەنبوونی میفیستۆفیلیس)ناوی دەبات و ئامانج لەم جۆرە کارەشیدا بریتییە لە سڕینەوەی بنچینە و بنەما و لەناوبردنی بەرهەمە سەرەکییەکە.

تیۆرێکی دیکە کە لە وەرگێڕاندا ڕۆڵ و کاریگەری هەبووە بریتییە لە تیۆری خوێنخۆری، کە وەرگێڕان بە خوێنمژین دەچوێنن، واتە وەرگێڕ خوێنی دەقە ئەسڵییەکە دەمژێت تا دەقەکەی خۆی پێ بەهێز بکات، نزیک لەمەش تیۆری گواستنەوەی خوێن هەیە کە باوەڕی وایە خوێن لە دەقێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ دەقێکی دیکە بەمەبەستی بەهێزبوون و بەردەوامبوونی دەقی دووەم و دووبارە ژیاندنەوە.

تەواوی ئەم بۆچوونانە لەبارەی وەرگێڕان پووچەڵکەرەوە و وەلاوەنانی باڵادەستی دەقی یەکەم یا دەقی ئەسڵیی و لاوەکیبوونی دەقی دووەمە[دەقی وەرگێڕدراو].

لە تیۆری خوێندنەوەشدا(تیۆری خوینەر تەوەر) کەسێکی وەک (کی تی میتسای) وەرگێڕان بەوە دادەنێت کە: (پڕۆسەیەکی ئاوێتەی خوێندنەوە و نووسینە) و لەم بارەوە دەڵێت: (کە وەرگێڕان دەکەین دەقەکە دەخوێنینەوە....ئەوسا سەرلەنوێ دەقەکە دەخوێنینەوە، پاشان بە زمانی خۆم و بە وشەکانی خۆم دەنووسمەوە: خوێندنەوەکەی خۆم دەنووسمەوە و ئەم خوێندنەوەیە نووسینە).

ئامانجی سەرەکی تیۆریستانی وەرگێڕان لە کەنەدا و بەڕازیلدا ستایشکردنی ڕۆڵی وەرگێڕە و لەڕوانینی ئەوەندا وەرگێڕان پڕۆسەیەکی تەواو سیاسییە، دوکامیۆس وەرگێڕان وەکو ئامرازی جەختکردنەوەی مافی خۆی وەکو هاوڵاتییەکی بەڕازیل بۆ دووبارە خوێندنەوە و خاوەندارێتیکردنی ئەدەبی ئەوروپایی سەیر دەکات.

باسینێت و لۆفۆر لە پێشەکی وتارەکانی خۆیاندا بەناوی(وەرگێڕان، مێژوو و کلتور١٩٩٠) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کاتی ئەوە هاتووە سەرلەنوێ دەربارەی پەراوێزخستنی وەرگێڕان لە چوارچێوەی ئەدەبی بەراورددا بیربکەینەوە لەم بارەوە دەڵێن: (بە دروستبوونی وەرگێڕانناسی لە چوارچێوەی بواریکی سەربەخۆدا بە شێوازێک کە سوود لە بەراوردکاری و مێژووی کلتور وەردەگریت ساتی ئەوە هاتووە کە سەرلەنوێ بیر لەم ڕشتەیە بکەینەوە وەرگێڕان لە پێشکەوتنی کلتوری جیهانیدا هیزێکی کاریگەری گشتگیر بووە و هیچ لێکۆڵینەوەیەک لە مەیدانی بەراوردی ئەدەبیدا بە بێ گرنگیدان بە وەرگێڕان ڕێی تێناچێت و شیاو نییە)لەکاتێکدا لە مەیدانی بەراوردی ئەدەبیدا هێشتا مشتومر لەسەر ئەوە هەیە ، کە ئایا دەکرێت وەرگێڕانناسی بە بوارێک دابنرێت یان نا؟ ئێمە لە مەیدانی وەرگێڕانناسیدا بەشێوەیەکی بێباکانە دەڵێین بوارێکی سەربەخۆیە و سەردەمی بەراوردی ئەدەبی لەچوارچێوەی بوارێکی لێکۆڵینەوەییدالا بەسەر چووە و لەمە بەدواوە پێویستە وەرگێڕانناسی وەکو بوارێکی سەرەکی لێکۆڵینەوە سەیر بکەین و بەراوردی ئەدەبی بە مەیدانێکی بابەتی گرنگ، بەڵام لاوەکی دابنێین.

ئەگەر بێینەوە سەر ناونیشانی سەرەکی باسەکەمان و بپرسین ئایا وەرگێڕان گرنگترە بۆ گوێزانەوەی دەقی ئەدەبی و کلتوری کوردی و ناساندنی بە تەواوی جیهان یاخود بەراوردی ئەدەبی، هەروەها تا ئێستا کامیان ڕۆڵێکی کاریگەرتریان گێڕاوە و کامیان دەتوانێت کارەکانی ئەوەیتریش ئەنجام بدات، ئەوا بێ هیچ دوودڵی و گومانێک پێویستە وەرگێڕان هەڵبژێرین لەبەر هەندێک هۆ کە لەخوارەوە ڕوونیان دەکەینەوە:

١.وەرگێران ڕۆڵێکی دوو لایەنەی گێڕاوە لە زەمینەی ئێستای ئەدەبی کوردیدا، و وایکردووە بەرهەمی وەک کۆمێدیای یەزدانی دانتی و بەهەشتی ونبووی میڵتۆن و پیرەمێرد و دەریای هیمنگوای و ئازارەکانی ڤارتەر و فاوستی گۆتە و ڕۆمانەکانی پامۆک و یەشار کەمال و عەلی ئەشرەف دەرویێشیان و دەیان بەرهەمی دیکەی ئەدەبیاتی جیهانی بە تێکڕای زمانەکان بێنە ناو ئەم ئەدەبە و خوێنەری کورد بیانخوێنێتەوە و قسەمان لەسەر چاکی و خواپی وەرگێرانەکان نییە، چونکە وەکو پێشووتر گوتمان بەپێی تیۆرە تازەکانی وەرگێران دەقی وەرگێردراو بریتییە لە دووبارە زیندووکردنەوەی دەقەکە و نووسەرەکەی بەو زمانە تازەیە و ئەمەش هیچ کاتێک لە کاریگەری کەسایەتی وەرگێڕ بێبەش نابێت، واتە چەند نووسەر هەوڵی داوە و ماندوو بووە لە بونیاتنانی دەقەکە، ئەوا وەرگێڕیش ئەگەر ماندووتر نەبووبێت شتێکی کەمتر لەوە نەبووە، لەبەرئەوە وەرگێڕ نووسەری ئەو دەقەیە بە زمانەکەی خۆی، ئەمە لەلایەک لە لایەکی دیکەشەوە ئەوە وەرگێڕان بووە یاخود بەراوردی ئەدەبی کە توانیویەتی دەقگەلێکی وەک دەربەندی پەپوولەی شێرکۆ بێکەس و ئێوارەی پەروانە و ڕۆمانەکانی دیکەی بەختیار عەلی و دەقە شیعرییەکانی قوبادی جەلیزادە و دەقەکانی جەبار جەمال غەریب و چیرۆکەکانی خاتوو گەلاوێژ و دەقە شیعرییەکانی کەژاڵ ئەحمەد بە خوێنەری بیانی بناسێنێت؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارەش بەلای وەرگێڕاندا دەشکێتەوە.

٢.پانتایی دەقی وەرگێردراو بەراورد بە دەقی بەراوردکراو لەئاستێکدایە کە شیاوی بەراوردکردن نییە، هەرچەندە وەرگێڕان و ناساندنی دەقی نووسەری کورد بە خوێنەری بێگانە کەمترە، بەپێچەوانەوە بەشێکی زۆری بەرهەمی نووسەرانی جیهان ئێستا بە زمانی کوردی بەرچاو دەکەون، بەڵام هەمدیسان وەرگێڕان توانیویەتی بە هەموو لایەنەکانییەوە لەپێش بەراوردی ئەدەبی بێت و کون و کەلەبەرەکان پڕ بکاتەوە.

٣.ئەگەر ئەرکێکی بەراوردی ئەدەبی بریتی بێت لە ناساندن و بەراوردکردنی ئاستی ڕێباز و ژانر و تەکنیکی ئەدەبی، ئەوا لەمڕۆدا هێندەی وەرگێڕان ئەم کارەی ئەنجامداوە بەراورد نەیکردووە بە نموونە قوباد لە چ ڕێگەیەکەوە دەست بۆ هایکۆ دەبات؟ تێکۆشەر خالید و فەرهاد مستەفا لە چ ڕێگەیەکەوە توانیویانە بروسکەچیرۆک بهێننە ناو ئەدەبی کوردییەوە؟ شێرکۆ بێکەس لە چ کانییەک ئاوی دەقی واڵای خواردۆتەوە؟ بەختیار لەکوێوە ڕیالیزمی سیحری برەو پێدەدات و بۆ یەکەنجار دەیهێنێتە ناو ئەدەبی کوردییەوە؟ بێگومان هەموو ئەمانە لەڕێگەی وەرگێڕانەوە بوون یاخوود خوێندنەوەی دەقەکان بە زمانی ئەسڵی خۆیانەوە نەک لەڕێگەی بەراوردکارییەوە.

٤.ئەگەر خوێنەری کورد [بێگومان خوێنەری زیرەکمان مەبەستە نەک ئاسایی] بەرهەمە جیهانییەکانی بە زمانی کوردی و وەرگێڕانێکی باش لەبەردەستدا بێت ئایا ناتوانێت خۆی ڕاستەوخۆ سوودیان لێوەرگرێت و ئاگاداری تەکنیک و شێوا و ژانر و ڕێباز و ئاستی نوێگەری دەقەکان بێت و لەگەڵ دەقی کوردی پێوانەیەیان بکات بەبێ گەڕانەوە بۆ خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری کەسێکی دیکە؟

٥.وەکو پێشووتر گوتمان گەورەترین کێشەی بەراوردکاری دیاریکردنی سنور و پانتایی بەراوردکردن و زمانە، چونکە هێشتا ئەو قوتابخانانەی لەئارادان هەندێک ڕێگریی دەکەن لەبەردەم بەراوردکردنی دوو دەقی هاوزمانی کلتور جیاواز یاخود دو دەقی هاوزمان بە دوو دیالێکت، بەڵام سوود وەرگرتن لە وەرگێڕان تاڕاددەیەکی زۆر ئەم ئاستەنگەمان لەکۆڵ دەکاتەوە، چونکە وەرگێڕ سەرپشکە لە وەرگێڕانی دەقی کرمانجی بۆ سۆرانی یان بەپێچەوانەوە، هەروەک بێ گرێ و گۆڵ دەتوانێت دەقی  ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئیسپانی بۆ کوردی وەربگێڕێت و بەپێچەوانەشەوە دەقی کوردی بۆ ئەم زمانانە وەربگێڕێت بەبێ ئەوەی کەس ڕێگری لێبکات، بەڵام لێکۆڵەرێکی بەراوردکار بە سوود وەرگرتن لە قوتابخانەی فەڕەنسی و سلاڤی ناتوانێت دەقی کوردی و ئەوروپی بەراورد بکات چونکە لەڕابردوو پەیوەندی مێژوویيان نەبووە و هەروەها ئاستی بەراوردکردنەکەشیان ئاسمان و ڕێسمانە.

٦.کۆتا خاڵ و ڕەنگە گرنگترین خاڵ ئەمە بێت، کە ئایا بەراورد وایکردووە نووسەرانی کورد داوەتی کۆڕ و کۆبوونەوە جیهانییەکانی ئەدەب بکرێن یاخوود وەرگێڕان، بیگومان دیسان وەرگێڕان وایکردووە نووسەری کورد دەقەکەی بخوێندرێتەوە و هەندێک کەسایەتی وەک شێرکۆ بێکەس کاتێک لە وڵاتێکی وەک سوید خەڵاتی تۆخۆلسکی پێدەدرێت بەهۆی وەرگێڕانی شیعرەکانی بووە بۆ سویدی نەک بەراوردی دەقەکانی لەگەڵ شاعیرێکی ئەو زمانە، هەروەها کاتێک بەختیار عەلی خەڵاتی نیلی زاکس لە ئەڵمانیا وەردەگرێت چ شتێک هۆکار بووە بەراورد یان وەرگێڕان؟ بێگومان دیسان وەرگێڕان وایکردووە لەبەرئەمە وەرگێڕان بێ کەموکوڕی زۆرینەی ئەرکەکانی بەراورد ئەنجام دەدات و دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەرتر بگێڕێت لە ئێستادا.